www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:48بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئێوارەیەکی بسک زەرد... کورتە چیرۆک.... یادگار ئەمین...

**نەرویج** ئۆسلۆ
06 .10 .11

لە نێو هەنگاوەکانتا وون مەبە، لەگەڵ دەریای ماتەمیو تەنهایتا بە خوڕ مەڕۆ، مەبە بە بابا ڕۆچووەکان... پینگاڤەکانت ڕاست دانێ، مەچۆرە ناو ئەندێشەکان؟مەهێڵە ئەم ئێوارەیە جێت بهێڵێت، لێمەگەڕێ بسکە زەردەکانی پایزلەگەڵ هەستی تۆدا هاڵنەکەن؟بەرگەی ئەم خەمانە ناگریت.. ئەوەی کە هەتە با بەس بێت، خەمێک چاترە لەدووان، لێمەگەڕێ ببیتە هاوسافەری کونەبەبوە شوماکان... لە ڕوخساری خۆت بڕوانە، لە نیگای چاوە هێمن و نیشتوەکانت، تەماشایەکی بەردەمت کە... چی ئەبینی؟خۆ کاتی ئەوەهاتوە بە چاویلکەوە سەیری بەردەمت کەیت، بۆ نابینی؟یان ئەتەوێت بێ ئەوەی پرسێک بە خۆت بکەیت هەردەمەی شوشەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بکەیتە چاویلکە... !؟یان ئەتەوێت ببیتە بابایەکی وێڵوئەڵوەدا، خورماو مێوژ لەیەک جیانەکەیتەوە، بەفەلەکیش { وەلەک}بڵەیت... چ وادەی خەڵەفانە؟ تۆزێک وەرەوە ئەو فەزایەی کە سەیوانی عەشقێکی سەرشێتی بۆڕائەگرتی... کە ئێوارەت بەسەر ئەهات ئاسمانێکی شینی بۆڕائەخستی، کە شەویش ئەبویە دوا نەفەسی زەردەپەڕ، فەرشێک لەئەستێرە پڕ جریوەو ناسکەکان هاودەمییان ئەکردی، تاکو هەمو کوێرە ڕێگاکان وێڵی خۆیان بشارنەوە، لەگەڵت هاودەنگ بوون، هەر هیچ نەبێت چاوەکانت بە جریوەی ئەستێرەکان ئەبریسکانەوە، کاتی ئەوەش بهاتایە بەرەو خەونە سیحراویەکان ببزوێیت.. ئەوا مانگی دەکردە حەسحەس، دووقۆڵی بەرەو ئاوابون ئەچون.... ئەم فەزایەی کە تۆ لێی دابڕاوی هەمو ساتێک ئەم لەشوو لارە شێواوەی تۆو ئەم بیرە قەتیس ماوەی تۆی لە زاخاوی خۆی ئەدا، بۆسبەی... دووسبەی... هەتاکو ئێستا... کەچی تۆیەکی دەبەنگ لەدەستی هەڵدێت، خۆت ڕائەبسکێنی وەك ئەوەی بڵەیت لە شوێنێکی تر حەڵوای لەوە باشترو نایاب تر دەست ئەکەوێت... !؟وە هۆش خۆ وەرەوە... ؟؟ لەم شێوازە ئاخاوتنە خوی ئەهەژاند... ؟؟هەرچاندە زۆر ڕێگای کردبو بەڵام نەیدەزانی هێندە زوو هەنگاوەکانی وەک دووچەرخەیەکی شارەزا بەرەو ئەم ئێوارە پایزە زەردەیان هێناوە... !؟خەزان تازە ملەتاتکێی ئەکردوو لەناو گەڵا سەوزەکانا بسکە زەردەکانی شۆڕکردبویەوە.. هەندێک گەڵای تەڕ بوو لەگەڵ هەنگاوەکانی خۆیان لول ئەکردوو لە قولە پێی دەئالان، ئەم دیمەنەی لە سەرقاڵی خۆیدا ئەبینیەوە.. هێ! ندەی ئەو گەڵا ئاڵۆسکاوانە بیری ئەویش لولی ئەخوارد.. جیاوازیەکە لەوەدا بوو گەڵاکان سەماو ئاهەنگی ئیوارەیەکی پایزێکی بسک زەردیان ئەکرد، بەڵام بیرەکانی ئەو گوزارشتی لێکترازانی هەستو جەستەو، ژیانو نەمان، وونبونو خەڵەفانیان ئەکرد... لێوەکانی ئەجولانەوەو، گەر یەکێک بەرەو ڕووی بهاتایەو لەم حاڵەتە سەرسامیەدا ببینیایە.. بە هێمنی شەقاوەکانی بە ئاراستەی دووری ئەو ئەگۆڕی، بە بەزەییەوە تێی ئەڕوانی... ئەیزانی ڕوخسارێکی هەمیشە بەهاری هەبوە، بەڵام پایزێکی زاڵمی بێ ڕەنگی هەڵبزرکاندوە... ئەیزانی سەراپایەکی هێمنە، شڵەژانو تەم ڕێی گرتوە، مەلێکی ناسکە بەڵام واشەی نەهامەتی لە دووی شوێن پێکانیەتی... ؟ لەگەڵ ئەوەی ئەو تاڕادەیەکی زۆر بەرەو دونیای کوژانەوەو هەڵدێر دەبزوا، بەڵام هەر لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە شەقاوەکانی پەل کێشیان کردبوو بۆی، ئەهاتەوە کۆڕی بەرائەتو سەردەمی عەشقی شێتانەو ئەیویست خۆی لە سەر بسکە زەردەکانی ئەو ئێوارە پایزە ڕاخاتو بە باران بڵێت { دەبا ئەم ئێوارەیە هەرچی تنۆکی تۆ هەیە میوانی من بێت... لەڕووخسارم هەڵپەڕن.. لە ناو تاڵە قژەکانی منا سەما بکەن.. هەر لەوێشە وە داچۆڕێنەوە بەرەو سینەم، لە گەڵ خۆیان بمبەن، دامهێڵنەوە بە دەروازەی شاروو بمخەنەوە ناو ئاپۆرایەکی پاکژ... سیمایەکی تازەم

وەبەرکەنەوە... تاکو پاک بمەوە لە خاڵەفان... لە پەژموردەی... لە هەراسانی... لە خەمو جودای... لە هەستە قێزەونەکان... ئیدی بێمەوە ناو یاران... بە هێمنی پێیان بڵێم، سەیرکەن منو بارانو پایز چەند هاودەمین... لێ نەگەڕاین لە یەک وونبین.. هەرواش ئەبین.. ئەها هاوڕێیان گەڕامەوە... هەرچاندە زستانێکی سەخت! لەڕێیە... بەڵام دڵنیام بەهار چاوەڕێمە }